
www.kurdistannet.org

3-2-2006 9:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لەهۆڵەندا شانۆگەری بیرەوەریەکان لەدوو رۆژ دا نمایش کرا... ساسان دەروێش

**هۆڵەندا**
















شانۆ گەری بیرەوەریەکان لەدوو ڕۆژی ڕابردوودا لە24 و 25 ی کانوونی دووەم ی ساڵی 2006 بەئامادەبوونی بەشێك لەڕەوەندی کورد و ئارەزوومەندانی شانۆ و هونەر مەندان ورۆشنبیران وبەڕێز سیامەند بەننا باڵیۆزی عێراق لەهۆ ڵەندا لەهۆ ڵی ڕێخنتس لەشاری دانهاخ لەکاتژ مێری 8 ی ئێوارەلەلایەن چەند شانۆ کارێکی کورد و هۆڵەندی بەزمانی هۆڵەندی نمایش کرا کەلەنووسین ودەرهێنانی

کامەران ڕەئوف و وەرگێڕانی لەکوردیەوەبۆ هۆ ڵەندی شنۆ شەماڵ وتۆن تەییۆ سمت وئامادەکردنی دیکۆ روپۆستەر لەلایەن هونەر مەند سیروان جەمال فەرەج ومۆسیقا سۆران ئیسماعیل محەمەد وبەڕێوەبەری بەرهەم مارتەین ڤان سخەیندڵ و سەرپەرشتی هونەری لوسیانا ڤا ن ئەملسفۆرت وتۆن تیۆسمت و بەڕێوەبەری هونەری خیردراڕەیندیرس هیلین بیوتلار یەو. چیرۆکی شانۆ گەری بیرەوەریەکان باسی لەپێنج پەناهەندەی کورد دەکرد کەلەکەمپێکی پەناهەندەیدا لەهۆ ڵەندا کۆ بوونەتەوەو لەچاوەڕوانی وەرگرتنی مافی پەنابەریدان و

ئەترسن بیرەوەریەکانیان دەربارەی کوردستان بیر بچێتەوەکەبیرەوەریەکانیان ڕەگی لەکوردستانەوپڕن لەیادگاری تاڵ وشیرین وتەنها بەجەستەلەهەندەرانن و بەهەمیشەی بیروهەستیان هەرلەوێ یەو چۆن بتوانن سەر لەنوێ ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەن لەووڵاتێکی نامۆ ودوورلەژیانی ڕابردوو وبیرەوەریەکانیان، هەر پێنچ یان هەوڵ دەدەن ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەن ولەوکەم پەدا کۆ بوونەتەوەوشەوی سەری ساڵی نوێ یەودەیانەوێ ئاهەنگێك بەوبۆنەیەوەسازبکەن، بەڵام بیرەوەریەکانیان لەکوردستانەوهۆ کاری جێ هێشتنی کوردستان ونامۆی تەوژ م بەگێژاوی بیرکردنەوەیان ئەداو هەر یەکەو بەبیرەوەریەکانی خۆی بۆ یەکتری دەگێڕنەوەوناتوانن ئەوشەوەو ساڵی نوێ بەئاهەنگەکەبەرێ بکەن، هونەر مەندی گەورەی کورد کامەران ڕەئوف لەچیرۆکی ئەم شانۆ گەریەدا زۆر ڕاشکاوانەباس لەهەستی ئەم پێنج مرۆ ڤەکوردەئەکات، کەبریتی بوون لەپێنج کەسایەتی کورد، ، ، ، ،
یەکەمیان / پێشمەر گەیەکی دێرینەو15 ساڵ لەشاخەکانی کوردستان خەباتی کر دوەلەدژی ڕژێمی دیکتاتۆری.
دووهەمیان / مامۆستایەکی زانکۆ یە.
سێهەمیان / ژنێکی پاشماوەی ئەنفالەکانە.
چوارەم / ژنەشەهیدێکە.
پێنجەم / شاعیرەیەکە.
بەبەشداری ونواندنی هونەرمەندان:-
شەماڵ عەبەڕەش نواندنی ڕزگار ی بینی کەپێشمەرگەیەکی دێرینە.
ئیدیس سوینکیڵس نواندنی ڕووناك ی بینی کەژنەشەهیدێکە.
شنۆ شەماڵ نواندنی سۆزەی بینی کەشاعیرەیەکە.
مۆنیکا سەندیفۆڕت نواندنی خۆشی بینی کەژنێکی پاشماوەی ئەنفالەکانە.
شۆڕش دزەیی نواندنی ئاشتی بینی کەمامۆستایەلەزانکۆ.
ئەمەوشانۆ گەریەکەلەماوەی دووڕۆژی ڕابردوودا ئامادەبووان هونەر مەندانی بەشدار یان لەباوەش وپڕ ماچ ودەست گوشینی گەرمیان کردن بۆ ئەوسەرکەوتنەیان وئەوداهێنانەگەورەیەی کەهونەر مەندانی هۆڵەندیش بەرەوتەختی شانۆ ی کوردی ببەن وبیان کەنەکار ئەکتەری کوردی بەمەبەستی خۆگونجاندن ونزیك کردنەوەی هەردووهونەری کوردی وهۆڵەندی و ورژاندن وتێ گەیاندنی دۆزی کوردوکێشەڕەواکەی لەچوار چێوەی داڕشتنی چیرۆکی شانۆ یی وڕاکێشانی ئامادەبووانی هۆڵەندی بۆی ئەمەخۆی لەخۆیداسەرکەوتنێکی تری گەورەی هونەری کوردی یەوهەنگاونانەبەهونەربۆ پڕ کردنەوەی ئەوبۆ شایانەی کەهێشتا دۆزی کوردو ناوی کوردی تێ نەپەڕاندوە، کەیەکێك لەکار ئەکتەرەهۆلەندیەکان بەناوی مۆنیکا کەنواندنی خۆشی ئەبینی و ژنەپاشماوەی ئەنفالەکانەوبەزمانی کوردی ئەلاوێنێتەوەو دەڵێت کۆ ر پە، کۆ ڕپەی شیرینم یاخوامەرگ نەبینم. . هتد. لەدوای ساڵی 1994 وکۆ چی بەلێشاوی خەڵکی کوردستان بەهەموو چین وتوێژەکانیەوەبەرەوهەندەران لەبەر هەر هۆ یەکی سیاسی وئابوری وشەڕی نێو خۆو نائارامی ناوچەکەلەووڵاتەجیاجیاکانی ئەوروپا بەتایبەتی گیرسانەوەوبەژیانی پەناهەندەی قایل ودرێژەپێ دەری گوزەرانیان بوون هەندێك بەوەرگرتنی مافی پەنابەری و مانەوەی و هەندێك لەچاوەڕوان کردنی دوورودرێژ دا وئەوکۆ چەشووم ولەیەك ترازاندنەی کورد لەپارچەیەکی کوردستان بەتایبەتی باشوور زۆر لەداهێنەری لەگەڵ بای پایز

وگەلاڕێزان لەگەڵ خۆ بەرەونامۆ بوون بردوولەپێش ئەم بەروارەشەوەتاك و تەرا هەر هەبوون و لەناویاندا بەنموونەسێ كەڵەهونەرمەندی گەورەی كوردوشارەكەم سلێمانی تێدابوون لەوانەكامەران ڕەئوف و شەماڵ ی عەبەڕەش وسیروان جەمال فەرەج بوون كەئەكتەرودەرهێنەری بەناوبانگی كوردلەباشووری كوردستان ولەدەست رژێمی فاشی سەدام حوسین و داروەدستەكەیان هەڵ هاتن لەگەڵ خاوخێزانیان بەرەوهۆڵەندا لەبەر هەڵوێستی جوامێری وكوردانەیان وملی كەچ نەكردن بۆ ڕژێم.

هونەری بەرزوڕاست گۆیانەومامەڵەكردن لەگەل دەربڕینەكانی ناخ و هەست كردن بەداهێنانەكان و تەوژ م بردن بۆ جەستەونیشاندانی جوڵەكان بەئارەزوو مەندانی خولیایەكەوەك ئەوڕەگەتێك ئالاوانەی دارێكی بەرزی بالانما ولق وپەل وگەلا هەڵوەڕیوو هەڵ پاچراو وایەكەلەئامێزی خالیكی بەپیت و شێداردا هەناسەبۆ ژیان وخۆ ش ویستنی وئاوێتەبوون ئەدا كەهەر هەموویان واتایەكن بۆ گوزارشت كردن لەهەموو بەشەجیاجیاكانی هونەر، چەند تێشكاوڕەنگ زەردو بابردوو بێ لەچاوەڕوانی بەهارێكدایەخونچەو گوڵی نوێ ی هەڵ وەریوو سەوز بكاتەوەبەگەلاوقەدەكانیا، چەند

هونەر مەندانی گەورەمان گۆشەگیروبێ دالدەوبێپشتگیری بن وەك ئەودارەوان لەناخیانداهونەر بۆ تەڕەگ وهەمیشەلەچاوەڕوانی سەوز بوون ونوێ بوونەوەدان ونەتەوەكەیان بەر هەمەكانیان لەچاویانداوون نابن و هەندیك جار لەگەل واقیع وخەودا تێكەڵ دەبن بۆیەناتوانن بێ هونەر ونەتەوەكەیان بۆ شایەك لەهونەر جێ بهێڵن، ئەوا جارێكی تر هونەر مەندانی گەورەی شاری سلێمانی كامەران ڕەئوف و شەماڵ ی عەبەڕەش وسیروان جەمال بەهاوبەشی هونەرمەندانی هۆ ڵەندی تیپی شانۆ ی ئارك دادەمەزرێنن وئەوەبۆ ماوەی ساڵێكەبەفەرمی دەكەونەوەڕێچكەی هونەر ی كوردی، مانای ووشەی ئارك یش بەزمانی هۆڵەندی بەواتای كەشتیەكەی نوح دێت و ئەووشەیەنامۆ نییەبەهۆ ڵەندیەكان بۆ یەئەو ناوەیان هەڵبژاردووەچونكەناوی كەشتیەكەی نوح لەكتێبەپیرۆزەكانداهاتووەو ئەو كەشتیەلەشاخەبەرزەكانی كوردستان گیرساوەتەوەوشاخەكانی كوردستان پاراستویەتی، هونەر مەندانی كوردیش دەیانەوێ ناوی شاخەكانی كوردستان بەبەرزی بهێڵنەوەو یەكەم بەر هەمیشیان ئەم شانۆ گەریەبوو بەناوی بیرەوەریەكان.

چەند ڕۆژێك پێش نمایش كردنی شانۆ گەریەكەیان لەپەیوەندیەكی تەلەفۆنیما ژوانێكم لەگەڵدا ساز كردن وناونیشانی ئەو هۆڵەم وەرگرت كەپرۆڤەی تێدا دەكەن، ڕۆژێ دوای ئەوەلەكات و شوێنی دیاری كراو ئامادەبووم، بەلام داوای ئەوەیان خواست لێم یان لەگەڵیان بچم بۆ چاوپێكەوتنێك سازدەكەن بەزیندووی لەڕادیۆی دانهاخ وەیان چاوەڕوانیان بكەم، دواتر بڕیارمان دا هەمووپێكەوەچوینەكۆ شكی ڕادیۆی دانهاخ ( Radio Discus) وبەڕێزان لەوێ زۆربەدوورودرێژی بەزمانی هۆڵەندی وەلامی ئەو پرسیارا نەیان دایەوەكەدەربارەی شانۆ گەریەكەوناوەڕۆكی چیرۆكەكەبریتی یەلەكارەسات ورووداوەكانی كوردستان، لەگەڵ ئەم دیداری ڕادیۆیە، چەندین ڕۆژ نامەی هۆڵەندی ووتارودیداریان لەگەڵیان سازكردوون، جگەلەهەواڵ وبلاوبوونەوەی زانیاری لەسەر بەرواروكات وهۆڵ ونمایش كردنەكەلەماڵپەڕەكوردیەكاندا. دواتر منیش بەهەلم زانی لەدەمی خۆیانەوەچەند ووشەیەكیان لێ وەرگرم دەربارەی بیرەوەریەكان بۆ ئێوەی خۆ شەویستی خوێنەر.

هونەر مەندی گەورەی کورد بەڕێز کامەران ڕەئوف کاری نووسین ودەرهێنەری زۆر لەشانۆ گەری وفلیم بووەو وەك ئەکتەریش ڕۆڵی گرنگی هەبووە، ئەم جارەش بەنووسین ودەر هێنانی شانۆ گەری بیرەوەریەکان ڕووبەڕووی جەماوەرەکەی بووە، بزانین پێمان دەڵێ چی؟

بەڕێزکامەڕان ڕەئوف:- بیرەوەریەکان باس لەپێنج پەناهەندەی کورد دەکات کەلەووڵاتێکی ئەوروپین، باس لەبیرەوەریەکانیان دەکەن، ئەم کەسایەتیانەناتوانن بیرەوەریەکانی کوردستانیان دەست بەرداری بن وەك ڕەگ بیرەوەریەکانیان لەکوردستان لەخاکی کوردستاندا ڕەگی داکوتی وەبەڵام خۆیان بەجەستەلێرەن هەوڵی ئەوەئەدەن سەرلەنوێ ژیان دەست پێ بکەنەوەئەتوانم بڵێم بیرەوەریەکانیان دەربارەی هەڵەبجەوئەنفال و ئەوکارەساتانەیەکەمیللەتی کوردبەسەری هاتووەلەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوەئەدەن ژیان بەڕێ بکەن وەخشتێك دابنێن بۆ بناغەی ژیان.

هونەر مەندی گەورەی کورد شەماڵ عەبەڕەش کەخاوەنی چەندین بەر هەمی کوردی شانۆ و دراما و فلیمەوئێستا بەشدارەلەبیرەوەریەکان ونواندنی ڕزگار دەبینێ کەپێشمەر گەیەکی دێرینی کوردستان بووەوبزانین دەر بارەی نواندنەکەی چیمان پێ دەڵێ؟

بەڕێز شەماڵ عەبەڕەش:- نواندنی من نواندنی ڕزگارە، لەشانۆ گەریەکەدا ڕزگار پێشمەرگەیەکی کۆ نەلەشۆڕشەکانی کوردستاندا خەباتی کردووەلەکەمپێکی هۆڵەنداجێگیر بووەوئەژی، رزگار لەژوورێکدا ئەژی لەهۆ ڵەندا لەو کەمپەدا لەگەڵ مامۆستایەکی زانکۆ، جیاوازی هەیەلەبیروبۆ چوونەکانیان وجیاوازیش هەیەلەبیرەوەریەکانیاندا، ڕزگار خەباتێکی دێرینی هەیەومامۆستاکەش کەشۆڕشی زاوامەنواندنی دەبینێ وبیرەوەری وئەزموونی زانکۆی خۆی هەیەلەم دووحاڵەتەداهەردووك تووشی سراع ئەبن بەڵام لەکۆ تایدا سراعەکان دەبنەوەیەك بەهەر دووکیان بڕیارئەدەن سەرلەنوێ بیرەوەریەکان لاوەخەن ودەست بەژێانێکی نوێ بۆ خۆیان دروست بکەن.

هونەر مەندی گەورەی کورد سیروان جەمال فەرەج، جگەلەوەی کەکار ئەکتەرێکی شانۆ ی یەودەست و پەنجەی لەدیکۆ روپۆستەرات هەیە، ئەزموونێکی مەزنیشی هەیەلەزنجیرەتەمسیلیەکانی کەشکۆ ڵ، کەهەر بەوناوەشەوەناسرا وەواتەسیروانی کەشکۆڵ، بزانین بۆ بیرەوەریەکان چ د اهێنا نێکی نوێ ی هێناوەتەناوپۆستەرودیکۆری شانۆگەری بیرەوەریەکان؟

بەڕێز سیروان جەمال:- من لەبیرەوەریەکاندا بەشداری دیکۆروپۆستەرەکەم کردوە، دیمەنەکان پێك هاتوون لەدووبەش، بەشێکی ئەجیهانەی خۆمانەکەئەوبیرەوەریانەی کەخۆمان هەمانەکەهەمووی نەهامەتی ومەرگەسات وناخۆشی یەوئەوەتی کوردهەیەبەڕاستی لەناخۆشی زیاتر خۆشی نەبینیوەلەدوای ڕاپەڕینەکەوەنەبێ، ئینجا ئێمەویستومانەئەوبیرەوەریانەی ئەو پێنج کەسەی کاك کامەران باسی لێوەئەکات لەشانۆ گەریەکەدائەوەمان کردۆتەبان گراوندی ئیشەکەمان وهەوڵمان داوەکەئەونەهامەتی وناخۆشیانەی کوردستانیش بکەینەبەشێ وتەنانەت لەکورسی ومێزوهەمووشتەکانیداڕەنگی داوەتەوە، هەمووبەشێکن لەدیکۆرەکەوبۆتەوەبەشێکی بیرەوەریەکانی ئەوپێنچ کەسە، بەشەکەی تریش ئەو جیهانەیەکەئەتوانم بڵێم هۆڵەندایەڕاستەکەمتر لەئێمەتوشی نەهامەتی وکەمتر لەئێمەناخۆشیان بینیوە، بەهەمووچاکییەکی هۆڵەنداوەئەوکەسەی لێرەئەژی جیانابێتەوەلەوناخۆشی و نەهامەتیانەی هەی بووەدیارەئەم ئیشەلەخوێن وگیانیایەتی ئەوناخۆشیانەلەئێمەنابێتەوەچ هەڵەبجەو ئەنفال وچ ئەوەتەی کورد هەیە، پۆستەرەکەش بەقوڕکردوومەوکردوومانەتەپۆستەرودیکۆری شانۆ گەریەکە.

هونەر مەند شنۆ شەماڵ یش وەك پەروەردەیەكی بنەماڵەیەكی هونەری وئەزموونی چەندساڵەی خۆی وخۆش ویستن بۆ هونەر بەشداری لەبیرەوەریەكانداكردوەبەنواندنی سۆزی كچەشاعیرە، بابزانین چیمان دەربارەی سۆز پێ دەڵێ؟

بەڕێز شنۆ شەماڵ:- نواندنی سۆز ئەبینم چونكەكچەشاعیرەیەكەلەكوردستان هاتۆتەدەرەوەلەڕێگا لەكوردستانەوەتائەگاتەئەووڵاتەی بۆی دێ زۆر كارەسات ڕووی تێ كردووە، لەكاتی شانۆ گەریەكەداحەزناكات باس لەبیرەوەریەكانی خۆی بكات، دەیەوێ بیری بچێتەوەلەڕێگای شیعرەوەلەكاتی شەوی سەری ساڵدا دەیەوێ شەربەت بخواتەوەووائەزانێ شەر بەتەبەلأم مەشروبەوسەرخۆش دەبێ، بەسەرخۆشی هەمووئەویادگاریانەی خۆی بەبیری خۆی دێنێتەوەوبۆ ئەوكەسانەی كەلەگەڵین لەژوورەكەبۆ یان ئەگێرێتەوە.

هەر لەهەمان هۆڵ. هونەر مەندان پێیان ڕاگەیاندم ئەم ئافرەتەهۆڵەندیەی كەئێستا لەگەڵیان ئامادەیە، بەڕێوەبەری هونەری شانۆ گەری بیرەوەریەكانەوناوی لوسینا ڤەن ئەملسفۆرتە، بۆیەمنیش لەهونەر مەندانی كوردم پرسی چ هاریكاریەكی بۆ كارەكەی ئێوەهەیە؟

لەوەڵامداووتیان لوسینا ڤەن ئەملسفۆرت:- یەكێكەلەدەر هێنەرەگەورەكانی هۆڵەندا و یەكێكەلە

بەڕێوەبەری هونەری تیپی دڕانك لەدانهاخ، لەم كارەی ئێمەدا لەلایەنی هونەریەوەوەكو یاریدەدەرێكی كامەران ڕەئوفەلەدەرهێنانی بیرەوەریەكان وزۆر یارمەتی تریان داوین ئەوگروپەلەدابین كردنی هۆڵ بۆ پڕۆڤەكردن، ئەوەچەندمانگێكەئێمەلەهۆڵەكەی ئەواندایین بەبێ هیچ بەرامبەرێك ئەوەكارێكی زۆر گرنگەلەهۆلەنداوەمێردەكەشی لەزمانەوانی كارەكاندابەشدارەلەگەڵمان.

هەروەها ئیدیس سوینكیڵس كەدەوری ڕووناك دەبینێ كەژنەشەهیدێكەو منداڵیك لەدەست دەدات لەهاتنی بۆ هۆڵەندابزانین دەربارەی هونەری كوردی وهونەرمەندانی كوردوكلتورەكەمان چی دەڵێ؟

بەڕێز ئیدیس سوینكیڵس:- من نواندنی ڕووناك دەبینم لەم شانۆ گەریەدا، ڕووناك پاش ئەوەی ژنەشەهیدەو مێردەكەی شەهید دەكرێ لەگەڵ منداڵەكەیدا هەوڵ ئەدات ڕابكات لەووڵاتەكەی بۆ هۆڵەندا لەڕێگای هەڵ هاتنی منداڵەكەی دەمرێ ئەمەش یەكێكەلەبیرەوەریەئازاراویەكان كەتووشی ڕووناك دەبێ، ئەم نواندنەم زۆر جیاوازەلەكارەكانی ترم كەنەم بینوەلەگەڵ ئەم گروپەكاردەكەم لەم شانۆیەداشتێكی زۆر نوێ فێربووم سەبارەت بەكلتوری میللەتێك كەلەوپێش شارەزایان نەبووم وەبۆ چی ئەوخەڵكەبەلێشاو هەڵ دێن هەروەها وەك ئاشكراشەكەئەزموونێكی باشیش فێربووم لەكامەران ڕەئوفەوەكودەرهێنەرێك بێ لەوەش چەندین هاورێ ی نوێ شارەزابووم لەگەڵیاندا ئەوەش ئەزموونێكی خۆشەبۆ من.